# بنووسە، سوێند بە ئەوەی نەفسی منی بەدەستە، تەنها هەق وراستی لێوە دەردەچێت

لە عبداللەی کوڕی عەمرو -ڕەزای خوایان لێبێت- دەڵێت: هەر شتێکم ببیستایە لە پێغەمبەری خوداوە دەمنووسیەوە -صلى الله عليه وسلم- ؛ دەمویست لەبەری بکەم، قورەیش نەهیان لێکردم، ووتیان: ئایا هەموو شتێک دەنووسیت کە گوێت لێدەبێت لە پێغەمبەری خوداوە -صلى الله عليه وسلم-، وپێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- مرۆڤێکە قسە دەکات لەکاتی تورەیی وڕازی بووونیدا؟ بۆیە منیش وازم لە نووسین هێنا، وئەمەم بۆ پێغەمبەری خودا باسکرد -صلى الله عليه وسلم- ؛ ئەویش ئاماژەی بۆ دەمی کرد وفەرمووی: «بنووسە، سوێند بە ئەوەی نەفسی منی بەدەستە، تەنها هەق وراستی لێوە دەردەچێت».

[سەحیح - ڕاست] [(أبو داود) ڕیوایەتی کردووە]

عبداللەی کوڕی عەمرو -ڕەزای خوای لێبێت- دەڵێت: هەر شتێکم ببیستایە لە پێغەمبەری خوداوە دەمنووسیەوە -صلى الله عليه وسلم- ؛ بۆئەوەی لەبەری بکەم، پیاوانێك لە قورەیش نەهیان لێکردم لەم کارە، ووتیان: پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- مرۆڤە لەکاتی ڕازیبوون وتورەیی قسە دەکات، ولەوەیە هەڵە بکات، بۆیە منیش وازم لە نووسین هێنا. قسەکەی ئەوانم بۆ پێغەمبەری خودا باسکرد -صلى الله عليه وسلم-، ئەویش بە پەنجەی ئاماژەی بۆ دەمی کرد وفەرمووی: بنووسە، سوێند بە ئەوەی نەفسی منی بەدەستە، تەنها هەق وراستی لێوە دەردەچێت لەهەموو حاڵەتێکدا ؛ لەکاتی ڕازیبوون وتورەییدا. وخوای گەورە سەبارەت بە پێغەمبەرەکەی دەفەرموێت: ﴿وَمَا يَنْطِقُ عَنِ الْهَوَى * إِنْ هُوَ إِلَّا وَحْيٌ يُوحَى﴾ واتە: ﴿وە لە هەوا وئارەزووە قسە ناکات * هەرچی دەیڵێت وەحی پەروەردگارە بۆی﴾ [النجم ٣-٤].

https://www.sunnah.global/hadeeth/ku/show/65077